

# ژنانی کورد له دوای دەستدرێژیو

# نامووس پەرستی ژن

# ژن له کۆمەڵگای داگیر کراودا

ئا: شنۆ مێهرپەروەر

له کورلتووری کوردا ژن هەمیشەو به بەردەوام ناحەقیو زوڵمی دەرحەق کراوەو تووشی هەڵاواردن بووەو ئەم جیاوازیدانانو هەڵاواردنه هەر له بنەماڵەوه هەتا کۆمەڵگا پێڕەو دەکرێ. سەرەڕای ئەمەش دەسەڵاتدارانیش به شێوەی جۆراوجۆرو به پیلانی رەنگاورەنگ دژی گەلەکەمانو نەتەوەکەمان له بۆ سەدان که به گشتی چینو توێژەکانی نەتەوەکەمان دەگەرێتەوەو یەکێك له قوربانییانی ئەم سیاسەتەی رێژیمه دژه مرۆییانه ژنان بوون. ئێمه پێنج خوشكو یەك برا بووین . براکەم هەموو کات شوکولاتی خۆش خۆشی وەردەگرت بەڵام ئێمه نا. لەگەڵ دایکم هەموو کات بەشەڕ دەهاتمو پێم دەگوت که ئێمەش ئینسانین، بەڵام له وەڵامدا دەیگوت که ئەتۆ کچی، (واته هیچ نیت). له کولتووری کۆمەڵگاکەی ئێمەدا بەداخەوه ژنان هیچ دەرەتانێکیان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان نیه. ئەمن له گەڵ ئەم شته ناڕەوایه هەموو کات دژایەتیم کردوه، پێم خۆشه هەموو کەسیش گوێی له دەنگمەن بێ.

ئەمن ٣٦ ساڵم تەمەنەو ژیانێکی دژوارم تێپەڕکردوه. باوکم کوردی کوردستانی تورکیەیه که تەنیا لەبەر چالاکییه سیاسییەکانی هەڵاته لوبنان. دایکم لوبنانیەو من بۆخۆم له دایکبووی بەیرووتم. لەتەمەنی منداڵیدا زۆر کونجکۆڵ و عاشقی کتێب بووم. قۆناخی سەرەتاییم به باشی تێپەڕاندو زۆرم پێخۆش بوو که بچمه دواناوەندی (دبیرستان) بەڵام دایکم پێی دەگوتم که ئەتۆ ژنیو بۆ چیته دەرس بخوێنی.

کاتێك که له ناوەڕاستی دەیەی ١٩٧٠ی زایینیدا شەڕ له لوبنان دەستی پێکرد، بنەماڵەکەم بێجگه له باوکم چووین بۆ تورکیه. هەلومەرجێکی زۆر دژوار بوو. پووڵمان نەبووو دەوڵەتی تورکیه که دژی کوردەکان بوو بەردەوام کێشەیان بۆ دروستدەکردین و ئەزیەتییان دەکردین. پرسیاریان له دایکم کرد که مێردەکەت له کوێیه؟ جارێکیان بردیان بۆ ئیدارەی پۆلیسو دوو رۆژ لەوێ رایان گرت، دایکم ماوەیەك پاش گەڕانەوەی کۆرپەلەکەی لەبار چوو، بەڵام لەم

بارەوە هیچی بە ئێمە نەگوت. ئەمن مونشی دوکتۆرێك بووم‌و لە خەیاتییەکەی دایکیشمدا کارم دەکرد، و بە شەوانیش لەسەر جێگای نووستنەکەمدا دەرسم دەخوێند. سەرەنجام بە نهێنی دیپلۆمەکەم وەرگرت. دایکم پێی خۆش نەبوو کچەکەی بەردەوام خەریکی کتێب خوێندنەوە بێ، پێی دەگووتم کە برۆ شتێك بۆ خۆت بچنە. کتێبەکانی بە تووڕەیی‌یەوە فڕێ دەدا، بەڵام ئەمن دەستم هەڵ نەدەگرت‌و بەردەوام درێژەم بە خوێندنەوەی کتێب دەدا. وێڕای خوشکەکەم کە باشترین قوتابی قوتابخانەکەی بوو و دەیویست بڕواتە زانستگە‌و سەرەنجام لە ماڵ هەڵات. بۆ ئەوەی لە ئانکارا بچێتە زانستگە‌و سەرکەوتووش بوو، دواتی دایکم دانی بەوە دانا کە پەژیوانە‌و لە هەڵەدا بووە‌و ئێستا پەژیوانە، بەڵام ئیدی زۆر درەنگە ٢٤ ساڵان بووم کە باوکم لە لوبنان گەڕایەوە‌و هەموو شتێك گۆڕدرا. ئەمن کەحیجابم نەبوو دامەنی کورتم لەبەر دەکرد، دەبوایە ئیتر لچك لەسەرنێم‌و دامەنی درێژیش لەبەر بکەم. باوکم زۆر تووڕە بوو. کاتێك زانی کە دیپلۆمم گرتوە، مەدرەکی دیپلۆمەکەمی دڕاندو سزای سێ‌مانگ نەچوونە دەرەوەیی لە ماڵ بۆ دیاری کردم و تەنیا نانم دەخوارد. دەبوایە زۆر بە پەلە ژیانی هاوبەش پێك بێنم، دەمویست هاوسەرەکەم بۆ خۆم هەڵبژێرم، بەڵام ئەو ئیزنەم نەبوو. باوکم دەیگوت مێردێکی رووناکبیرت دەبێ.

کولتووری ئێمە بۆ ژنان زۆر توندە. ژن دەبێ مێرد بکاو منداڵی ببێ. و مافی هەڵبژاردنی نیە. ناموسی بنەماڵە بە هەڵسوکەوتی تۆوە بەستراوەتەوە. ئەمن دچی ناموسم، بۆچی ناموس بۆ پیاوان نیە‌و ئەوان ئازادی تەواویان هەیە.

مێردەکەم لە دەزگای راگەیاندن دا کاری دەکرد. ئەو بۆ حیزبێکی کوردی لە تورکیە بە ناوی (پ.کا.کا) کە حیزبێکی نایاسایی راگەیاندراوە، چالاکی دەنواند. لە چاپخانەی ئیدارەکەیدا راگەیاندراوەکانی پ.کا.کای چاپ دەکرد. منیش لە گرووپی ژناندا چالاك بووم‌و سەبارەت بە مافەکانی ژنان بۆیان دەدوام هەر بەو شێوەی کە هەموو کات داکۆکیم لە مافەکانی ژنان دەکرد.

منو هاوسەرەکەم هەردوو هاوبیروڕا بووین بەڵام هیچ عیشق‌و خۆشەویستییەك لە نێوانماندا نەبوو. پاش تێپەڕبوونی سێ رۆژ لە ژیانی هاوبەشمان گیروگرفتەکانمان دەستی پێکرد. بە درێژایی رۆژ لە دەرەوەی ماڵ بووین‌و هەموو ئەو پارەیەی کە پەیدامان دەکرد بە پ.کا.کای دەدا.

خەیاتییەکم هەبوو کە سەرم زۆر قاڵ بوو. هەر زۆر زوو بە یەکەمین منداڵم کە کوڕ بوو زگم پڕ بوو. داوای یارمەتیم لە مێردەکەم کرد بەڵام زۆر بە کەمی لە ماڵ دەبوو. زۆرجاران لە لایەن پۆلیسەوە دەستبەسەر کراوە‌و زیندانی کراوە، بەڵام سەرەنجام لە پاییزی ١٩٩٦دا هەردووکمان دەسگیرکراین. لە ئیدارەی پۆلیسدا لێکیان جیاکردینەوە. پرسیاریان لێکردم کە ئایا ئاگاداری چالاکییە سیاسییەکانی مێردەکەت بووی؟ منیش وەڵامی ئەرێنی (میبت)م دایەوە. ئەوان بردمیانە زیندان، چاوو دەستەکانمیان بەستو جلەکانمیان لەبەر داکەندو لەسەر مێزێك دایاناو بۆ ماوەی ٢ کاتژمێر هەردوو مەئموورەکە دەستدرێژییان کردە سەرم.

گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە زۆر بە ئازارو بە ژانە بۆم، بەڵام دەبێ بیڵێم‌و باسی بکەم چوونکە رووداو بەسەرهاتی لەم شێوەیە بەردەوام روودەدەن‌و دەبێ هەموو کەس بزانێ‌و لێی ئاگادار بێ.

دەستدرێژی کەرەستەیەکی سیاسییە. دەوڵەتی تورکیە توندوتیژیی جینسی وەك چەکێك بە دژی کوردەکان بەکار دێنێ. کاتێك ژنێکی کورد دەستدرێژی دەکرێتە سەری، ئیدی بنەماڵەکەی ئیزنی ئەوەی پێنادەن بە زیندوویی بژی، چونکە بە پەڵەیەکی شوورەیی بۆ بنەماڵەکەی بەحەسێب دێنن، هاوڕێیەکەم کە دەستدرێژیی کرابوە سەر دەبوایە خۆی بکوشتایە، دەنا بنەماڵەکەی دەیان کوشت. کاتێك ئەوان کارەکەیان تەواو بوو، خوێنێکی زۆرم لەبەر ڕۆیی. پێیان گوتم کە دەبێ هەستیت بە ڕێگا بڕۆیی، بەڵام نەمدەتوانی، پێیان گوتم کە دەبێ چوار دەستو پێ بڕۆیی. بەڵام نەڕۆیشتم چونکە ئیدی من چیم هەبوو لەدەستی بدەم؟ ئەوان گوتیان ئەو کارەی کە ئێمە دەبوایە لەگەڵ تۆ بمانکردایە، کردمانو لەمەش بەدوا چی ڕوودەدا پێوەندی بە ئێمەوە نیە. بەچاوی بەستراوەوە سواری ماشینیان کردمو لە نێزیك ماڵی خۆماندا دایانبەزاندم. کاتێك چوومە ماڵەوە یەکسەر دایکم زانی چیم بەسەر هاتووەو چ رووی داوە، پێی گوتم کە نابێ باوکت بەم شێوەیە بتبینێ دەنا دەتکوژێ. لەبەر ئەوەی کە باوکم بۆ پ.کا.کا کاری دەکردو هەموو کات چەکێکی پێ بوو.

پاش ماوەیەك تێگەیم کە حاملەمو زگم پڕە، بەڵام دەمشاردەوە، دایکم دەیزانی دەمویستکە منداڵەکە لەبار ببەم، بەڵام دایکم پێی گوتم بەم کارەت خەڵکی پێت دەزانن‌و ئەوکاتە پێت دەڵێن کە ئەم منداڵەت لەئاکامی دەستدرێژییە. منداڵەکە بەردەوام لە رەحەممدا گەشەی دەکرد. دایکم پێشنیاری پێکردم کە بڕۆم بۆ ئاڵمان چونکە ئەگەر باوكو براکەم بزانن دەمکوژن. ئەو دەیگوت ئاڵمان وڵاتێکی دێموکراتەو پشتیوانیت لێ دەکەن. مێردەکەم پاش ئازادی لە زیندان چوو بوە ئاڵمان ئێستا دەیویست بچێتە هۆڵەند. کەوابوو مەبەست هولەند بوو. پووڵ بۆ سەفەرەکەم ئامادە بوو، چونکە رەوشی ئابووریمان باش بوو، بەڵام پاشان لە هولەند هەژار کەوتم. هاتمە هولەندو خۆم ناساند. ئێستا دەبێ لەگەڵ فەرمانبەرێکی کاروباری پەنابەران (ای ـ ان ـ دی) (ڕێکخراوی پێوەندیدار بە ئیدارەی پەنابەرانی هولەند) قسەم بکردبایەو باسی وەزعو حاڵی خۆم بکردایە. بەڵام تا رادەی مەرگ دە ترسام کە مێردەکەم بزانێ دەستدرێژیم کراوەتە سەرو منداڵم لە زگ دایە. هەر بەو هۆیەوە شتێکی گرینگم باس نەکرد بەڵام فەرمانبەرەکە بەسەرسامییەوە چاوی لێدەکردم.

لەوبارەیەوە هیچیشم بە مێردەکەم نەگوتبوو، بەڵام هەستی پێدەکرد. لێی پرسیم چی رووی داوەو چیت بەسەر هاتوە، بەڵام من هیچ وەڵامم نەدەدایەوەو بێدەنگ دەبووم. هەرچەند وەبیرم دەهاتەوە کە چۆن ئەو پیاوە بۆرانە دەستدرێژییان کردە سەرم.

کچەکەم کە لەدایك بوو، بۆر بوو. مێردەکەم دەیگوت کە منداڵی من نیەو وەئەستۆی نەگرت. چوار مانگ لە دوای



ئەوەی کە لەوێ جارێك داوای پەنابەریی کردبوو، ولاتی ئالمانیش بۆ تورکیەی گەڕاندەوە. دەسبەجێ دەسگیرکراو خرایە زیندانو پاش سالّو نیوێك هەلاتو هاتەوە هولەند. کاتێك لە هولەند بینیمەوە نەمدەناسییەوە، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر گۆڕدرابوو هەم لەباری جەستەییو هەم لەباری رۆحییەوە. لە سوچێکی ژوورەکەدا دانیشتو منداڵەکان دەبووایە دەنگە دەنگ بکەن.

پاشان لە دوکتۆرەکەیم بیست کە ئەویش لە زینداندا دەستدرێژی کراوەتە سەری، بەلام بە شێوەیەکی دیکە. بەهۆی بوترییەك کە خۆیو ئەلکولیان لێ دابووو دەستدرێژیان کردبوەسەریو شەرمی دەکرد لەوبارەوە قسە بکا، بۆیە هیچ کات قسەی نەکرد. منو مێردەکەم هیچکات نەماندەتوانی لەیەکتر بگەینو ئاسوودەیی بە یەکتربدەین. هەموو رۆژێك شەڕمان دەبوو تا وای لێهات نەمانتوانی لە ژێر میچێکدا ژیان بکەین، ئێستا ئێمە بەجیا لەیەکتر دەژین، بەلام دەترسم رۆژێ کوڕەکەم لێبدزێ.

لە وتووێژێك لەگەڵ (ای ـ ان ـ د) نەمتوانی راستییەکانی ژیانم باس بکەم تا سەرەنجام ولامی مەنفی (نەرێنی ـرەد) پەنابەریم وەرگرت. لە سالّی ٢٠٠٢ی زایینیدا خۆمو منداڵەکانمیان فڕێ دایە شەقامەکان. چووینە ئالمانو داوای پەنابەریم کرد، لە ئالمان بە هۆی فشارگەلێکی رووحیو دەروونی توند بۆ ماوەی دوو مانگ لە نەخۆشخانەدا بەستەری کرامو منداڵەکانمیان بە بنەماڵەیەك سپارد.

لە فورییەی سالّی ٢٠٠٣ زایینیدا دەوڵەتی ئالمانیش لە شەوێکی سارددا لە ئیستگایەکی شەمەندەفەردا بەرەڵای کردین، بەڕێکەوت بنەماڵەیەکی تورك لەوێبوونو ئێمەیان بردەوە مالّی خۆیان. بەتەواوی رووخابووم، بەلام دواتر توانیم لەسەر پێی خۆم راوەستم، بە ئازارو ئەشکەنجەی دەستدرێژی رۆژانە ژیانم تێپەڕ دەکردو بە شەوانەش خەونی پێوە دەبینم، بەلام سەرەڕای ئەوانەش لەبەر منداڵەکانم خۆم راگرتوەو لەسەر پێی خۆم رادەوەستم.

لەسەرەتاکاندا چارەی کچەکەم نەدەهاتە پێش چاو، تەنانەت نەمدەویست نانو خواردنیشی بدەمێ، دەروونناسێکی باش فێری ئەوەی کردم خۆڕاگربمو پێی گوتم کە کچەکەت هیچ تاوانێکی نیەو زۆر رۆح سووكو لەبەردڵانە، بەراستیش وایە. ئێستا لەبەر خاتری کچەکەم خەبات دەکەمو تێدەکۆشم.

خەبات دەکەم لەبەر ژیانی ئەو، چونکە باوکم هەڕەشەی لێدەکردم کە کچەکەت دەبێ بمرێ، کاتێك گەڕانەوە تورکیە هەردووکتان دەکوژم. و ئێستا بەدوامان دا دەگەڕێ کە هەردووکامان بکوژێ. زۆر دەترسێم.

ئێستا بە کەمی دەرمان بەکار دەبەمو لە گروپێکی ژنان دا چالاکیم هەیە. ژیانێکی پڕ لە هەورازو نشێوم تێپەڕ کردوە، بەلام هێشتاش عاشق بە ژیانمو عیشق بە خەبات لە خۆمدا دەبینم، من ئاوامو هەمووکاتیش ئاوا بووم، سەردەمانێك بیرم لە خۆکوشتن دەکردەوە، بەلام ژیانم هەڵبژارد، لەبەر ئەوەی کە ئەگەر زیندوو نەبی ناتوانی دەنگت بە گوێی خەڵکی بگەیەنی.

**سەرچاوە: سایت اخبار روز**